وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.

کۆلێژی ئاداب – کۆمەڵناسی

کۆرسی دووەم

# دەروونناسیی کۆمەڵایەتی

مامۆستای بابەت؛

ڕێباز عزیز محمدامین

2023-2022

**ناوەڕۆک**

**بەشی یەکەم** ............................................................................................ 3
یەکەم: مێژوویی سەرهەڵدانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی. ..................................................... 3
دووەم؛ پێناسەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی ..................................................................... 5
سێیەم؛ ئامانجەکانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی ................................................................. 5
**بەشی دووەم** ............................................................................................ 6
**باسی یەکەم؛ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التنشیئة الاجتماعیة)** .............................................. 6
یەکەم: پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ....................................................................... 6
دووەم: قۆناغەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. ................................................................... 6
سێیەم؛ ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ................................................................... 7
چوارەم؛ تایبەتمەندییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی .......................................................... 7
پێنجەم؛ دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی. .............................................................. 8
**باسی دووەم؛ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.** ....................................................................... 10
یەکەم؛ پێناسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. .................................................................... 10
دووەم؛ هۆکارەکانی دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ................................................. 10
سێیەم؛ قۆناغەکانی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. .................................................... 12
**باسی سێیەم؛ ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.** ............................................................. 14
یەکەم؛ پێناسەی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان. ............................................................ 14
دووەم؛ پێکهاتەی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان. ........................................................... 14
سێیەم؛ جۆرەکانی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان. ........................................................... 15
چوارەم؛ تایبەتمەندی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان. ....................................................... 17
پێنجەم؛ شێوازەکانی گۆڕینی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ............................................... 17
**باسی چوارەم؛ کۆمەڵ (گرووپ)** ............................................................................. 19
یەکەم؛ پێناسەی کۆمەڵ (گرووپ) .............................................................................. 19

دووەم؛ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵ ........................................................................ 19
سێیەم؛ جۆرەکانی کۆمەڵ. ................................................................................... 19
چوارەم: گرنگی کۆمەڵ........................................................................................ 20
پێنجەم؛ پێوانەکردنی یەکگرتووی کۆمەڵ ............................................................. 21
شەشەم؛ گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە کار دەکەنە سەر (ئینتیما)ی تاک بۆ کۆمەڵ........... 21
**باسی پینجەم؛ جەنگی دەروونی.** ................................................................... 23
یەکەم؛ پێناسەی جەنگی دەروونی. ....................................................................... 23
دووەم؛ ئامانجەکانی جەنگی دەروونی................................................................... 23
سێیەم؛ بنەماکانی جەنگی دەروونی ...................................................................... 24
چوارەم؛ ئامراز و کەرەستەکانی جەنگی دەروونی ................................................... 24
**باسی شەشەم؛ سەرکردایەتی.** ......................................................................... 25
یەکەم؛ پێناسەی سەرکردایەتی............................................................................. 25
دووەم؛ جۆرەکانی سەرکردایەتی. ......................................................................... 25
سێیەم؛ تایبەتمەندییەکانی ڕەفتاری سەرکردایەتی.................................................... 26
چوارەم؛ تیۆرەکانی سەرکردایەتی. ....................................................................... 27
**باسی حەوتەم؛ دەمارگیری**................................................................................ 30
یەکەم؛ پێناسەی دەمارگیری................................................................................. 30
دووەم؛ سەرهەڵدان و دروستبوونی دەمارگیری ....................................................... 30
سێیەم: جۆرەکانی دەمارگیری. ............................................................................ 31
چوارەم: تایبەتمەندییەکانی کەسی دەمارگیر.......................................................... 32
پێنجەم: ئاستەکانی دەمارگیری. .......................................................................... 33
شەشەم: چۆن دەمارگیری کەم بکرێتەوە؟ .............................................................. 34

## بەشی یەکەم

## مێژوو، پێناسە و ئامانجەکانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی.

**یەکەم: مێژوویی سەرهەڵدانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی.**

هەندێک لە توێژەران یەکەم سەرهەڵدان و دەرکەوتنی دەروونناسی کۆمەڵایەتی بۆ بیروڕای ئەو بیرمەند و فەیلەسوفانە دەگەڕێننەوە کە هەوڵیان داوە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی مرۆڤ ڕاڤە بکەن.

هەر یەکێک لەم بیرمەند و فەیلوسوفانەش بیروڕای جیاوازیان دەربارەی سروشتی مرۆڤ هەبووە، بۆ نموونە ئەفلاتۆن کە بە یەکێک لەدامەزرێنەرانی بابەتەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتی هەژماردەکرێت، لە کتێبەکەی بە ناوی (کۆمار) ڕاڤەی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەکات و پێیوایە کە بەرهەمی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە و، لەڕێگە دامەزراوە کۆمەڵایەتیی و پەروەردەییەکانەوە دەکرێ بۆ هەر ئاراستەیەک لە ئاڕاستەکان سرووشتی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەکەی بگونجێندرێ، هەروەها دەڵێت مرۆڤ کاتێک کە لە دایک دەبێ، هەڵگری کۆمەڵێک توانایە بۆ فێربوونی ئەو ڕەفتارانەی کە کۆمەڵگا پێویستییەتی و راهێنانی لەسەر دەکات.

بەڵام ئەرستۆ پێچەوانەی ئەفلاتۆن، پێیوایە؛ مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵێک ڕەمەک لەدایک دەبێت کە کۆنترۆلی رەفتاری دەکات، بۆیە لەتوانادا نییە رەفتاری مرۆڤ و کۆمەڵگا گۆرانکاری تێدا بکرێت.

(تۆماس هۆبز)ی بیرمەندی بەریتانیش دەڵێت؛ مرۆڤ بە سرووشتی خۆی کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی خۆپەرست و قازانج ویستە، هەمیشە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی خۆی تێدەکۆشێت و بۆ مرۆڤەکانی دیکە هاوشێوەی گورگە و، دەبێت کۆمەڵگا چاودێری بکات و بیخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆیەوە.

(جان جاک رۆسۆ)ش پێچەوانەی (تۆماس هۆبز) دەڵێت؛ مرۆڤ بە سرووشت کەسیکی پاک و بێتاوانە و هیچ خەسلەتێکی شەرخوازی تێدا بەرجەستە نابێ، تەنیا ئەو کاتانە نەبێت کە دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی.

(گابریل تارد)ی فەیلەسوفی فەرەنسیش بۆ راڤەکردنی پەیوەندیی و سرووشتی رەفتاری مرۆڤ ئاماژە بە بابەتی چاولێکەری و لاسایکردنەوەی کۆمەڵایەتی دەکات و دەڵێت؛ کەسی تاوانبار بە سرووشتی خۆی تاوانبار نییە، بەڵکو ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە تیایدا دەژی بەرەو کاری تاوانکاری ئاڕاستەی دەکات.

بیرورا و تیۆرەکانی (فرۆید)یش کاریگەری گەورەیان لەسەر دەروونناسیی کۆمەڵایەتی هەبووە، بەتایبەت لەسەر بابەتی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (بەکۆمەڵایەتیبوون).

دوو زانا بەناوەکانی لازاروس (Lazarus) و هێرمان ستینثال (Steinthol) کە بە دامەزرێنەری دەروونناسی کۆمەڵایەتیش دەناسرێن، لەساڵی (١٨٦٠) گۆڤارێکیان بۆ دەروونناسی کۆمەڵایەتی دەرکرد، هەروەها ئەم دوو زانایە بوارەکانی دەروونناسی کۆمەڵایەتییان بۆ سەر دوو لایەن دابەشکرد، یەکەمیان؛ توێژینەوەی هۆکارە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکان کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتاری گرووپەکان، دووەمیان؛ توێژینەوەی ئەو فاکتەرانەی بوونەتە هۆکاری جیاوازی نێوان گرووپەکان.

دوای ئەمانەش، ولیەم ماگدوگال کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دەروونناسی کۆمەڵایەتی درووستکرد، بەتایبەت لە کاتی گرنگیدان بە بابەتی پێگەیاندنی دەروونی و کۆمەڵایەتی.

گۆستاڤ لۆبۆنیش گرنگی بە پاڵنەرە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکان دا، دواتریش دەروونناسی کۆمەڵایەتی زیاتر ئاڕاستەی زانستی وەردەگرێت، بەتایبەت لە دوای ئەوەی هەر یەک لەزانایان (ئیدوارد رۆس) و (مەکگدۆگال) پەرتووکێک بەناونیشانی (دەروونناسیی کۆمەڵایەتی) بڵاودەکەنەوە و، زۆر بە کارامەیی دەتوانن پەیوەندی لەنێوان (دەروونناسی) و (کۆمەڵناسی) درووست بکەن.

نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، بە تایبەت کە هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمی لەخۆگرتبوو، کاریگەرییەکی زۆری بەسەر گەشەکردنی دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا هەبوو، بەتایبەت لەبواری ئاڕاستە دەروونیی و کۆمەڵایەتییەکان و، خۆپەرستی و دەمارگیری و سەرکردایەتی و پروپاگەندە و ڕای گشتی و بەها و بیروباوەڕ و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان و ... هتد.

لەدوایی جەنگی جیهانی دووەمیشەوە، دەروونناسی کۆمەڵایەتی زۆر بەخێرایی گەشە دەکات، لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم بابەتی ئەندامێتی گرووپ و کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاک گرنگی پێدەدرێت و، لە شەستەکانیش بابەتی خۆشەویستی و دوژمنایەتی و توندوتیژی و درکپێکردنی کۆمەڵایەتی و، لە حەفتانیش بابەتی مەعریفەی کۆمەڵایەتی و کاریگەری ژینگە (کەش و هەوا) لەسەر ڕەفتار کۆمەڵایەتی جێگای بایەخپێدانی زانستەکە دەبێت.

لەهەشتاکان بەدواوەش، بابەتەکانی دوژمنایەتی، سازشکردن و گونجان، سەرکردایەتی و بڕیاردان، قەڵەباڵغی و دوورکەوتنەوەی کۆمەڵایەتی بابەتی گرنگی توێژینەوەی زانستەکە دەبن.

**دووەم؛ پێناسەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی**

- ❖ دەروونناسیی کۆمەڵایەتی زانستێکە توێژینەوەی ڕەفتاری تاک دەکات، کە لە چوارچێوەی ئاراستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان پێکدێن.
- ❖ بریتییە لەو توێژینەوە زانستییەی کە سەرجەم ڕەفتارەکانی مرۆڤ لەناو کۆمەڵ لەخۆی دەگرێ.
- ❖ بریتییە لە توێژینەوەیەکی زانستی کە گرنگی بە ئەزموون و شارەزایی تاکەکان و ڕەفتاریان دەدات، لەچوارچیوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییە کاریگەرەکانی سەر ڕەفتاریان.

**سێیەم؛ ئامانجەکانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی**

دەتوانین ئامانجەکانی (دەروونناسیی کۆمەڵایەتی) وەکو لقێک لە لقەکانی دەروونناسی دیاری بکەین بەوەی کە ئامانجی ئەم زانستە خۆی دەبینێتەوە لە:

1. تێگەیشتن لە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاڤەکردنیان و زانینی هۆکارەکانی ڕوودانیان و ئەو فاکتەرانەی کاریگەریان لەسەری هەیە.
2. پێشبینیکردن بەوەی کە چ ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی ئەگەری ڕوودانی هەیە لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتیدا، ئەمەش بە پشت بەستن بەو زانیاریانەی کە لەم بوارەدا لەبەردەستدان.
3. کۆنترڵکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ڕاستکردنەوە و چاککردنی بەو جۆرەی کە دەویسترێت، وەک (زانینی باشترین ڕێگە و شێواز بۆ پێگەیاندنی منداڵ، گرتنی هاوڕێ و، کاریگەردانان لەسەر ئەوانی تر، و کۆنترۆڵکردنی تووڕەیی).

## بەشی دووەم

## بوارەکانی گرنگیپێدانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی

**باسی یەکەم؛ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (التنشیئة الاجتماعیة).**

**یەکەم: پێناسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی**

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەیەکی پەروەردەیی کە بەهۆیەوە تاک فێردەکرێت چۆن ببێتە ئەندام لە کۆمەڵگا، ئەمیش لەلایەکەوە لەڕێگەی کارلێکی لەگەڵ پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان و، لەلایەکی دیکەشەوە؛ لەڕێگەی فێربوونی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەوە بەدیدێت کە دەیانگێرێت وەک؛ وەک ڕۆڵی کور، کچ، دایک، باوک، هاوڕێ...هتد.

**دووەم: قۆناغەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.**

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چەمکێکە زیاتر لەگەڵ قۆناغی منداڵی بەکاردێت، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا پرۆسەکە گشتگیرترە و گەورە ساڵانیش دەگرێتەوە، چونکە مرۆڤ لە هەر تەمەنێکدابێ، دەکرێ لەگەڵ گرووپی نوێ ئاشنا بێت و فێری ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ئاڕاستە و پێوەری نوێ بێت، بۆیە بەلای زانایانەوە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی دوو قۆناغی جیاواز لەخۆدەگرێ؛

1. **پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی سەرەتایی.**

ئەم قۆناغەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (بەکۆمەڵایەتیبوون) لە منداڵییەوە دەست پێدەکات و، بە گرنگترین قۆناغی پێگەیاندن دەناسرێت، تیایدا خێزان و باخچەی ساوایان و قوتابخانە و گرووپی هاوڕێیان، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵی گەورەی تێدا دەگێرن، لەم قۆناغەی پێگەیاندندا؛ منداڵ فێری زمان، یاسا، بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگاکەی دەبێت، هەروەها ئەم قۆناغە تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە تاک دەتوانێ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی بگێرێت و ئەرکێک لە ئەرکە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بگرێتە ئەستۆ.

2. **پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی لاوەکی.**

ئەم قۆناغەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کاتێک دەست پێدەکات کە تاک ئامادەیە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی نوێ بگرێتە ئەستۆ، ئەو کاتەی تاک پێگەیاندنی سەرەتایی کۆتایی پێدەهێنێ و لەبوارێک لەبوارەکانی

ژیان پسپۆری و شارەزایی پەیدا دەکات، ئیدی لەو کاتەوە دەتوانێ پشت بەخۆی ببەستێت و تواناکانی بخاتە خزمەت کۆمەڵگاکەی.

**سێیەم؛ ئامانجەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی**

پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی چەند ئامانجێک لەخۆدەگرێت، کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە؛

1. بەدەستهێنانی زانیاری و بەها و پێوەر و ئاڕاستەکان...هتد، واتە فێربوونی شێوازەکانی هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی تایبەت بە گرووپ یاخود کۆمەڵگایەکی دیاریکراوە.
2. گۆڕینی مرۆڤ لە بوونەوەرێکی بایۆلۆژییەوە بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، کە بەهۆیەوە دەبێتە خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی.
3. کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکەکان لەڕێگەی ناسینی ئامرازەکانی کۆنترۆلکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاوە.
4. گونجان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەهەردوو ڕووی ئەندامێتی و لایەنگیریدا.

**چوارەم؛ تایبەتمەندییەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی**

پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە کۆمەڵێک خاسڵەت و تایبەتمەندی دەناسرێتەوە، دیارترین و گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش بریتین لەمانەی خوارەوەن:

1. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی ڕێژەییە: واتە پرۆسەیەکی گۆڕاوە و دەگۆڕێت بە جیاوازی کات و شوێن و چینە کۆمەڵایەتییەکانی یەک کۆمەڵگا.
2. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی تاکی و کۆمەڵییە: بەو واتایەی کە تاکییە و تایبەتە بە تاک، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵایەتییە و بەئەنجام ناگات تەنیا لە ناو کۆمەڵگا و لەچوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیدا نەبێت.
3. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی بەردەوامە: واتە پرۆسەیەکە پێویستی بە بەشداریکردنی بەردەوامی تاک هەیە لە ناوەندە کۆمەڵایەتیەکاندا، بەمەش لە گۆڕانکاری بەردەوامدا دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ دەورووبەرەکەی خۆی بگونجێت.

4. پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی پرۆسەی گواستنەوەی کۆمەڵایەتییە: واتە لە ڕێگەی ئەم پرۆسەیەوە منداڵ کە پشت بەوانی تر دەبەستێت و بوونەوەرێکی خۆپەرستە و تەنیا ئامانجی تێرکردنی پێداویستییە فسیۆلۆژییەکانی خۆیەتی، دەگۆڕێت بۆ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی پێگەیشتو و کە درک بە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی دەکات و هاوکاری کەسانی دەوروبەریشی دەبێت.
5. پرۆسەیەکی ئاڵۆزە: واتە پرۆسەیەکی فرەلایەن و پەرت و بڵاوە و ئەرکی جۆراوجۆر لەخۆی دەگرێت و ئامراز و شێوازی زۆر بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بەکاردێنێت.

**پێنجەم؛ دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.**

کۆمەڵێک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەن کە ڕۆڵی گرنگ لە پێگەیاندنی تاکدا دەبینن، گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە؛

1. **خێزان.**

خێزان یەکەمین دامەزراوەی کۆمەڵایەتییە بۆ پێگەیاندنی تاک، یەکەم هۆکاریشە لەڕێگەیەوە مرۆڤ بە رەنگێکی کۆمەڵایەتی ڕەنگڕێژبێ، هەروەها خێزان ئامرازێکە لە گواستنەوەی کولتوور بۆ منداڵ، بەم هۆیەوە منداڵ ئاشنای بەها و پێوەرە باوەکانی کۆمەڵگاکەی دەبێت و ئەم بەها و پێوەرە باوانەش کارئاسانی بۆ دەکات لەکاتی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیایدا دەژی.

2. **قوتابخانە.**

لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا قوتابخانە درێژەپێدەری ڕۆڵی خێزانە، قوتابخانە گرووپێکی قەبارە گەورەترە لە خێزان، وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی مەبەستدار کۆمەڵگا لەسەر درووستبوونی ڕێککەوتووە لەپێناو پەروەردە و پێگەیاندنی نەوەکانی، لەپێناو پارێزگاریکردن لەمانەوەی کولتورەکەی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، لەلایەکی تریشەوە؛ کۆمەڵگا لەڕێگەی قوتابخانەوە بارودۆخێکی گونجاو بۆ گەشەکردنی منداڵ لەڕووی جەستەیی و ژیریی و هەڵچوونی کۆمەڵایەتی دەرەخسێنێ.

**3. هاوڕێیەتی.**

هاوڕێ هۆکارێکی گرنگە بۆ گەشەکردنی منداڵ لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتییەوە، چونکە بەهۆیەوە کۆمەڵێک کەس پەیوەندی بە منداڵەکەوە دەکەن کە لەڕووی تەمەن و حەزەوە لێک نزیکن و لەڕێگەیەوە بەشێکی گرنگی ئارستە و ڕۆڵ و بەها و پێوەرە کۆمەڵیەتییەکان لێک فێردەبن.

**4. ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.**

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاو دەگێڕن لە پێکهێنان و درووستکردنی کەسایەتی مرۆڤ، دەکرێ ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا لە چەند خاڵێکدا پووخت بکەینەوە؛

أ) بڵاوکردنەوە و پێدانی زانیاری جۆراوجۆر لەهەموو بوارە جیاوازەکانی ژیان.
ب) ڕەخساندنی کەشێکی ئارام و دڵخۆشکەرانە لەڕێگەی پێشکەشکردنە پرۆگرامە تەرفیهییەکان.
ج) فێربوونی ڕەفتار و ئاڕاستەی کۆمەڵایەتی جیاواز، لەڕێگەی پێشکەشکردنی فیلم و دراماکانەوە.

**5. دامەزراوە ئایینییەکان.**

لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا بەها و پێوەرە ئایینییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاڕاستەکردن و پێکهێنانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاکدا دەبینن، کاریگەرییەکانی ئایین لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا بە چەند شێوازێک دەبێ؛

أ) لەڕێگەی بەها و پیرۆزییە ئایینییەکانەوە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تاک کۆنترۆڵ دەکرێ.
ب) گەشپێدانی ویژدانی لای تاک و گرووپ.
ج) یەکخستن و لێک نزیککردنەوەی ڕەفتار و هەڵوێستی کۆمەڵایەتی نێوان دەستە و چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان.

**باسی دووەم؛ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.**

**یەکەم؛ پێناسەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.**

پەیوەندیی کۆمەڵایەتی هەر چەشنە پەیوەندی یاخود کارلێکێکە کە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر درووست دەبێ لەپێناو تێرکردنی پێداویستییەکانیان، وەک پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا، خوشک و برا، هاورێ ...هتد.

**دووەم؛ هۆکارەکانی دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.**

چەند هۆکارێک هەن کە وادەکات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان تاکەکاندا درووست بن، گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە؛

1. **هۆکاری نزیکی.**

واتە نزیکی لە ڕووی ناوچەی جوگرافییەوە، ئەویش بە سەرەتاییترین هۆکار دەژمێردرێت بۆ دروستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە چەند کەسەکان لەیەکتر دووربن، ئەگەری دروستبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کەمتر دەبێت و، پێچەوانەکەشی ڕاستە.

لەم بارەیەوە لە یەکێک لە توێژینەوەکانیدا (فستنگەر) ئەوەی دەرخست کە ئەو قوتابییانەی کە لە ژوورەکانی تەنیشت یەک دەژیان لە بەشە ناوخۆییەکاندا پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بەهێزتر بوون، بە بەراورد لەگەڵ ئەو قوتابییانەی کە ژوورەکانیان لێک دوور بوون، هەر وەک ئەو قوتابیانەی لە یەک نهۆم دەژیان پەیوەندییەکانیان بە هێزتر بوو بە بەراورد لەگەڵ قوتابیانی نهۆمەکانی تر.

لە توێژینەوەیەکی تردا کە (سومەر) ئەنجامیدا، بۆی دەرکەوت مرۆڤ هەست بە نا ئارامی دەکات کاتێک کەسێکی بێگانە لە نزیکی دادەنیشێت، چونکە سنووری تایبەت بە کەسەکە دەبەزێنێت و ناوی لێنا بوار یاخود پێگەی تایبەت (الحیز الشخصی)، واتە ئێمە سنوور بۆ ئەو کەسانە دادەنێین کە ڕۆژانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەین و، قەبوڵیشمان نییە بەبێ ڕەزامەندیمان هیچ کەسێک ئەم سنوورە ببەزێنێت، بۆیە کەسی بێگانە مافی هاتنە ناو ئەو بازنەیەی نییە کە بۆ خۆمانمان داناوە، بەبێ ڕەزامەندی ئێمە.

### 2. هۆکاری دووبارەبوونەوەی بینین.

نزیکی لە ڕووی جوگرافییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کارلێککردن بەردەوام و بە هێزتر بێت، ئەمەش وا دەکات سۆز و خۆشەویستی زیاتر بێت، بەڵام ئەگەر ئێمە لە سەرەتاوە ڕق یان قێزمان لە دیمەنێک بێتەوە ئەوا دووبارە بوونەوەی ئەو دیمەنە ڕق و قێزمان زیاتر دەکات، پێچەوانەکەشی ڕاستە، ئەگەر کەسێک یان دیمەنێکمان لا خۆشەویست بوو، ئەوا دووبارە بوونەوەی دەبێتە مایەی نزیک بوونەوە لێی.

### 3. هۆکاری لێکچوون.

یەکێک لە هۆکارەکانی نزیکبوونەوە لە نێوان کەسەکان، ڕێژەی لێکچوونیانە، ئەو لێکچوونەش دەبێتە هۆی دروستبوونی مەیلێک لە نێوان کەسەکاندا، توێژینەوەکانی ئەم بوارە هەندێ دەرئەنجامیان خستۆتەڕوو کە دەڵێت؛ (ئێمە لەو کەسانە نزیک دەبینەوە کە لە جۆری بیرکردنەوەمان نزیکن، ئێمە هەرچەند سووربین لە سەر ئاڕاستەکانمان ئەوا هەوڵی دوورکەوتنەوە دەدەین لەو کەسانەی ڕای جیاوازیان لەگەڵماندا هەیە).

هەروەها لێکچوون دەبێتە ئامرازێکی هاندەر بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکان لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

أ) لێکچوون ڕێخۆشکەرە بۆ چالاکی هاوبەش.
ب) ئەو کەسانەی هاوڕان لەگەڵمان، وامان لێدەکەن ڕێزمان بۆ خودی خۆمان زیاتر بێت.
ج) لەبەرئەوەی مرۆڤ لوتبەرزی و خۆبەگەورە زانینی تێدایە، وا هەست دەکات ئەو کەسەی هاوڕایە لەگەڵی کەسێکە شایەنی ڕێز و ستایشە.
د) ئەو کەسانەی هاوڕان لە سەر پرسە جیاجیاکان بە ئاسانی کۆک دەبن.
ە) ئێمە هەمیشە گریمانەی ئەوە دادەنێین ئەوانەی لەگەڵمان هاوڕان ئێمەیان خۆشدەوێت، لە بەرامبەردا ئێمەش ئەوانمان خۆش دەوێت.

### 4. هۆکاری سەرنجڕاکێشانی جەستەیی.

هەندێک بۆچوون هەن جەخت لەسەر بوونی چەند بیرۆکەیەکی گشتی دەکەنەوە سەبارەت بە کاریگەری جەستە لەسەر سەرنج ڕاکێشان، لەم بارەیەوە هەندێک بۆچوونی گشتی هەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە ڕووخسارێکی جوانیان هەیە، بۆچوونەکانیش ئەمانەن ( نەرم ونیانن، بەهێزن، کراوەن،

قسە خۆشن، و... هتد)، هەموو ئەمانەی باسکران؛ دەکرێ ببن بە هۆکارێک بۆ درووستبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان دوو کەس یان زیاتر.

5. **ئارەزووی هاوبەش.**

ئێمە زۆر جار حەز دەکەین پەیوەندیمان لەگەڵ ئەو کەسانەدا هەبێت کە ستایشمان دەکەن لە شوێنە جیاجیاکاندا و بەشان و باڵماندا هەڵدەدەن، دەرئەنجامی توێژینەوەکانی ئەم بوارەش وای بۆ دەچن کەوا (ئێمە ئەو کەسەمان خۆشتر دەوێت کە لە یەکەم جار ڕقمان لێ بووە و دواتر خۆشمان ویستوە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسەی کە لە یەکەم جارەوە خۆشمان ویستوە، بەهەمان شێوە ڕقمان لە کەسێک زیاتر دەبێتەوە کە یەکەم جار خۆشمان ویستووە، پاشان ڕقمان لێ بووەتەوە، بە بەراورد لەگەڵ کەسێک کە لە سەرەتاوە ڕقمان لێی بووە).

6. **هۆکاری زاڵبوون.**

واتە لە هەندێک کاتدا پەیوەندی لە نێوان کەسەکان دروست دەبێت لەسەر بنەمای زاڵبوون بەسەر کەسی بەرامبەر، بۆ نموونە ئەو ئافرەتانەی حەزیان لێیە کۆنترۆڵی خێزان بکەن و بەشێوەیەکی دایک سالارانە مامەڵە بکەن، هەوڵی ئەوە دەدەن هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو پیاوانە بکەن کە بێدەسەڵاتن و حەزیان لە ژێردەستەییە و، بە پێچەوانەکەشی ڕاستە.

7. **لێهاتوویی.**

واتە ئێمە مەیل و ئارەزوومان بۆ ئەو کەسانە زیاترە کە لە کەسە ئاساییەکان بەتواناترن، ئێمە خۆشەویستی ومەیلمان زیاتر دەبێت کاتێ کەسە لێهاتووەکان هەڵە دەکەن، چونکە ئەو هەڵەیە بۆمان دەسەلمێنێت کە ئەویش مرۆڤە و قابیلی هەڵەکردنە، ئەمەش بە پێچەوانەی کەسی ئاساییە، چونکە کاتێک هەڵە دەکات هەڵەکانی ئەو بە لاوازی دەژمێردرێن.

**سێیەم؛ قۆناغەکانی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.**

سەبارەت بەتێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زانا (دک ١٩٨٨) پێیوایە؛ تێکچوونی هەر پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی بە چەند قۆناغێکدا تێپەر دەبێ کە بریتین لەمانەی خوارەوە؛

1. **قۆناغی شاراوە؛** لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە یەکێک لە دوولایەنەکە هەستدەکات ناتوانێت چیتر بەردەوام بێت لە پەیوەندییەکەی، لە دەرئەنجامدا وای لێدێت هەموو ڕەفتارەکانی کەسی بەرامبەر دەخاتە ژێر چاودێرییەوە، بەردەوام جەخت لەسەر لایەنی نێگەتیڤی ڕەفتارەکانی دەکاتەوە،

بەردەوام بیر لە ڕادەی زیان و سوودەکانی جیابوونەوەکەی دەکاتەوە، (دک) ناوی لەم قۆناغە ناوە قۆناغی شاراوە، چونکە هەموو لێکدانەوەکانی کەسەکە تەنیا لە هزری خۆیدا دەبێت و لە ڕەفتاریدا دەرناکەوێت.

2. **قۆناغی دەربڕین؛** لەم قۆناغەدا کەسی بێزاربوو بڕیار دەدات نارەزاییەکانی دەرببڕێت، لەم حاڵەتەدا گفتوگۆ دەستپێدەکات بۆ ئەوەی کۆتایی بە لێک تێنەگەیشتنیان بهێنن و پەیوەندییەکە چاک بکەنەوە، بۆیە دەست بە گفتوگۆ دەکەن، ئەگەر گفتوگۆکانیش سەرکەوتوو نەبوون ئەوا دەچێتە قۆناغێکی تر.

3. **قۆناغی کۆمەڵایەتی؛** بۆیە پێی دەوترێت قۆناغی کۆمەڵایەتی، چونکە لەکاتی نەهێشتنی پەیوەندییەکەدا ڕەچاوی بەها کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت، لەم قۆناغەشدا هەوڵدەدرێت کێشەکان لە سەر ئاستی خزم و هاوڕێیان چارەسەر بکرێت و، تیایدا هەردوولا هۆکاری کێشەکە دەخەنە ئەستۆی بەرامبەرەکەی و، هەر لایەنێک لە لایەنەکان هەوڵدەدات خۆی بێ تاوان نیشان بدات، لەم کاتەدا (گرووپی بەرپرس) دێنە ناوکێشەکە بەمەبەستی دانانی چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکان، ئەگەر ئەم گرووپە لە چارەسەری کارەکانی سەرکەوتوو نەبوون، ئەوا کێشەکە دەچێتە قۆناغێکی تر.

4. **قۆناغی پچڕانی پەیوەندی؛** ئەم قۆناغە لەو کاتەدا دەستپێدەکات کە هەردوولا دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە هیچ ڕووناکی و ئومێدێک لە پەیوەندییەکەیاندا نەماوە، بۆیە داوای پچڕانی پەیوەندی نێوانیان دەکەن، دوایی جیابوونەوەیان هەر یەک لەلای خۆی هەوڵدەدات سەبارەت بە هۆکاری جیابوونەوەکەی چیرۆکێکی تایبەت بۆ خۆی دابڕێژێت، بە جۆرێک کەوا کەسی بەرامبەر بۆ ئەم پەیوەندی پچڕانە تاوانبار دەکات و، هەریەک لە دوولایەنەکە هەوڵ دەدەن بە کەمترین زیان لە بارودۆخەکە دەربازبن و هەوڵدەدەن ڕێز و حورمەتی خۆیان بپارێزن، بۆ ئەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لەدەست نەدەن.

**باسی سێیەم؛ ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.**

**یەکەم؛ پێناسەی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.**

چەمکی ئاڕاستە بۆ یەکەمین جار لەلایەن بیرمەندی ئینگلیزی (هێربرت سپێنسەر) لە کتێبەکەی بەناونیشانی (پڕەنسیپە سەرەتاییەکان) لەساڵی (1862) ئاماژەی پێدراوە، کاتێک کە دەڵێ؛ بۆ گەیشتنمان بە بڕیارە دروستەکان، سەبارەت بەپرسە ورووژێنەرەکان تا ڕادەیەکی زۆر پشت بە ئاڕاستە ئەقلییەکان دەبەستین.

بۆ پێناسەکردنی ئاڕاستەکانیش (ستریکلند) دەڵێت؛ **ئاڕاستەکان بریتین لە هەستەکان یاخود بیروباوەڕ و بیروڕای پەسەندکراو، یاخود ڕەتکراوە بەرامبەر بە بابەتەکان.**

**دووەم؛ پێکهاتەی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.**

ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان سێ پێکهاتەی جیاواز لە خۆدەگرن کە بریتین لە؛

1. **پێکهاتەی مەعریفی** (Cognitive Component)

ئاڕاستەکانی مرۆڤ پەیوەستە بەو زانیاریانەی کە دەربارەی کەسەکان هەیەتی، زانیاری گشتی دەربارەی ئەو بابەتەی ئاڕاستەی مرۆڤەکەی پێوە بەستراوە، چونکە ئەگەر بنەماکانی دروستبوونی ئاڕاستە بریتی بێت لە بە باشتر زانینی بابەتێک لە بابەتێکی تر، ئەوا ئەم کارە پێویستی بە پرۆسەیەکی عەقڵییە.

2. **پێکهاتەی سۆزداری** (Affective Component)

ئەم پێکهاتەیە ئاماژە بە هەستی خۆشەویستی و ڕقە کە مرۆڤ ئاڕاستەی شتەکان و کەسانی تری دەکات. بۆ نموونە کاتێک بابەتێکی خۆش دەوێت ئەوا زۆر بە توندی بۆی دەڕوات، وە کاتێکیش ڕقی لە بابەتێکی تر بێت ئەوا زۆر بە تووندی لێی دوور دەکەوێتەوە.

3. **پێکهاتەی ڕەفتاری** (Behavioral Component)

بەپێی ئەم پێکهاتەیە، ئاڕاستەکان وەک پاڵنەری ڕەفتاری تاکەکان کاردەکەن، واتە دەبنە پاڵنەر بۆ تاکەکان تا بەپێی ئەو ئاڕاستەیە ڕەفتاربکات کە مەبەستییەتی بۆ هێنانەدی ئامانجەکەی بیگرێتەبەر.

**سێیەم؛ جۆرەکانی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.**

ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان چەند جۆرێک لەخۆدەگرن کە، گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. **ئاڕاستەی ئەرێنی و ئاڕاستەی نەرێنی**

هەندێک لە ئاڕاستەکان ئەرێنین و تاکەکان پشتگیری دەکەن و پێی ڕەزامەندن، لە بەرامبەریشدا؛ هەندێک لە ئاڕاستەکانی دی، نەرێنین و تاک بەرهەڵستی دەکات و پێی ڕەزامەند نییە.

کاتێک تاکەکان ڕەفتارێکی دیاریکراو بە ئەنجامدەگەیەنن و ڕەفتارەکەش بەلای زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگاوە پەسەند و ڕێپێدراوە وەک (پاکڕاگرتنی شار و ماڵەکان) کە لەلای زۆرینە داوادەکرێ، ئەوا لەم کاتەدا تاک ئاڕاستەیەکی ئەرێنی گرتۆتەبەر، لە بەرامبەریشدا؛ ئاڕاستەی نەرێنی؛ ئەو ئاڕاستەیە کەتیایدا تاک لە بوارێکی دیاریکراودا ڕەفتارێک دەنوێنێ کە پێچەوانەی خواست و ویستی زۆرینەی ککۆمەڵگاکەیەتی، بۆنمونە ڕەگەزپەرستی کە لەنێو زۆرێک لە وڵاتاندا بوونی هەیە، کاتێک ئەم ئاڕاستەیە لای تاکێک درووست دەبێ، بەهۆیەوە ئەو تاکە تێکەڵ بەڕەگەزی تر کە هاوڕەگەزی خۆی نین نابێت، یاخود ژن و ژنخوازیان لەگەڵدا نابەستێ، یان بەشدارییان لە دەسەڵات و سیاسەتدا پێناکرێ.

2. **ئاڕاستەی گشتی و ئاڕاستەی تایبەتی**

ئاڕاستەی گشتی، بریتییە لەو ئاڕاستەیەی کە سەرجەمی ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێ کە باس لە ناوەڕۆکی ئاڕاستەکە دەکەن، بەدەر لەوەی کە ئایا ئاڕاستەکە (ئەرێنی)ە یاخود (نەرێنی)، بۆنمونە ئاڕاستەی تاکێک لەبارەی وڵاتێکی دیاریکراودا، ڕەنگە ئەم ئاڕاستەیە بەشێوازێکی گشتی گوزارشت لە وڵاتەکە بکات، لەرووی گەلەکەی، شوێنی نیشتەجێبوونیان، کەشی سروشتییان، ڕێگاوبان و هۆیەکانی گواستنەوەیان، جۆری خواردنیان، بەبێ گەڕانەوە بۆ لایەنی ئەرێنی یاخود نەرێنییەکەی، بەڵام لەبەرامبەردا، ئاڕاستەی تایبەتی؛ تەنیا بەشێکی بابەتەکە یاخود دیاردەکە لەخۆدەگرێ کە گوزارشت لەپرسی ئاڕاستەکە دەکات، بەشێوەیەک تیایدا تاکەکان خۆیان لەقەرەی بابەتەکە بەگشتی نادەن و چاوپۆشی لە هەندێک بەشی بابەتەکە دەکەن، بۆنمونە ئاڕاستەی تاکێک بۆ وڵاتێک کە تەنیا لایەنە سەربازییە داگیرکارییەکەی لەبەرچاوبگرێ، یاخود بەتەنیا ئاڕاستەی جیاوازییە ڕەگەزییەکانی نێوان ڕەش پێست و سپی پێستەکان لەبەرچاوبگرێ.

### 3. ئاڕاستەی تاکایەتی و ئاڕاستەی کۆمەڵی

ئاڕاستەی تاکایەتی، ئەو ئاڕاستەیە کە لەچوارچێوەی گروپێکدا تەنیا کەسێک جەختی لەسەر دەکاتەوە، جا لەڕووی جۆری (النوعیة) بێت، یاخود لەڕووی پلەکەی (الدرجة). ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو تاکە خاوەن ئاڕاستەیەکی تایبەت بەخۆیەتی بەرامبەر بە هەر بابەتێک کە بەلایەوە جێگەی گرنگیپێدانبێ، دەکرێ ئەم ئاڕاستەیە لەچوارچێوەی ئەندامانی خێزانێکدا (وەک گروپێکی کۆمەڵایەتی) تێبینی بکرێت، لەکاتی دیاریکردنی ئارەزوویان بۆ جۆری خواردنەکەیان.

لەبەرامبەردا، ئاڕاستەی کۆمەڵی؛ بریتییە لەهاوبەشبوونی ئاڕاستەی ژمارەیەکی زۆر لە تاکەکان بۆ بابەتێکی دیاریکراویان، بۆنمونە وەک ئاڕاستەی هاوبەشی ژمارەیەکی زۆری تاکەکان بەرەو کەسێتی سەرۆکی دەوڵەت، یاخود بەرەو وەبەرهێنانێکی دیاریکراویان.

### 4. ئاڕاستەی ئاشکرا و ئاڕاستەی نهێنی

ئاڕاستەی ئاشکرا، ئەو ئاڕاستەیە کە تاک لە ئاشکراکردن و بە ئەنجامگەیاندنی بەرامبەر بەخەڵکدا ڕووبەڕووی (ئیحراج)بوون نابێ، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندارە بەو بەها جێگیر و چەسپاوانەی کە لەنێو کۆمەڵگاکەدا باوە و لای زۆرینەوە پەسەندکراوە، بەجۆرێک تاک لە کاتی ئاشکراکردن و ئەنجامدانیدا ڕووبەڕووی گوشار و (ئیحراج)کردن و زیان پێگەیشتن نابێتەوە، بۆنمونە مامۆستا لە یەکەم دیداری لەگەڵ قوتابییەکانیدا بەبێ (ئیحراج)بوون و گوشار پێیاندەڵێت دوورکەونەوە لە ئاژاوەگێری و هێمنیش بپارێزن. لەبەرامبەردا، ئاڕاستەی نهێنی؛ ئەو ئاڕاستەیە کە تیایدا تاکەکان لە ئاشکراکردنیدا هەست بەجۆرێک لە (ئیحراج)بوون و شلەژانی دەروونی و ترس دەکەن و، بەردەوام هەوڵدەدەن ئاڕاستەکەیان لە خەڵکی بشارنەوە، کاتێکیش پرسیاریان لەبارەی ئاڕاستەکەیانەوە لێدەکرێ، یان پێیان ناخۆشە وەڵام بدەنەوە، یاخود نکۆڵی لێدەکەن و ڕەتی دەکەنەوە، بۆنمونە تاک لە هەندێک کۆمەڵگادا ئەگەر باوەڕی بەخودا، یاخود ئایینی کۆمەڵگاکەی نەبێت، ئەوا ناتوانێ بەئاشکرا گوزارشت لە ئاڕاستەکەی بکات و بەنهێنی دەیهێڵێتەوە.

### 5. ئاڕاستەی بەهێز و ئاڕاستەی لاواز

ئاڕاستەی بەهێز، ئەو جۆرە ئاڕاستەیە کە بە بەهێزی لە هەڵسوکەوت و کەسایەتی تاکەکان ڕەنگدەداتەوە، ئەو کەسانەشی خاوەنی ئەم جۆرە ئاڕاستەیەن، کەسانێکن بە بەهێزی بەرهەڵستی لەهەلوێستەکانیان دەکەن، بۆنمونە ئەگەر خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە ببینێت کەسێک کارێکی تێکدەرانەی دژ بەکۆمەڵگا دەکات، ئەمیش بەکردار و ڕەفتاری بەرەنگاری دەبێتەوە و هەوڵدەدات ڕێگری لێبکات،

لە بەرامبەر ئەمەشدا؛ ئاڕاستەی لاواز، بەپێچەوانەوە بە هەڵوێستێکی لاوازتر بەرەنگاری ئەو کەسە تێکدەرە دەبێتەوە کە خەریکی کاری تێکدەرانەی دژ بە کۆمەڵگاکەیەتی.

**چوارەم؛ تایبەتمەندی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.**

هەر ئاڕاستەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی کە تاکەکان دەیگرنەبەر، کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەخۆدەگرن کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. ئاڕاستەکان وەرگیراون و بۆماوەی و زگماک نین، تاکەکان لەئەنجامی کارلێکی نێوانیان یاخود بەهۆی کارلێک لەگەڵ بابەتێک لەبابەتەکانی ژینگەکەی فێری دەبێ.
2. پەیوەندی بە ورووژاندن و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە.
3. هەندێک لەئاڕاستەکان بەهێزن و بەرهەڵستی گۆڕانکاری و هەموارکردنەوە دەکەن و، هەندێکی دیکەشیان بەئاسانی هەمواردەکرێنەوە و گۆڕانکاریان بەسەر دادەهێنرێ.
4. ئاڕاستەکان دەکەونە نێوان دوولایەنی بەرامبەر بەیەک و یەکێکیان ئەرێنی و ئەویتریان نەرێنی، هەریەکێکیشیان پشتگیری و بەرهەڵستی لەهەڵوێستەکانی خۆیاندا دەکەن.

**پێنجەم؛ شێوازەکانی گۆڕینی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان**

بۆ گۆڕینی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، چەند ڕێگایەک هەن، کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. **گۆڕینی بۆچوون:** هەموو ئاڕاستەیەک پەیوەستە بەو بۆچوونەی کە تاکەکان دەربارەی بابەتێکی ئاڕاستەوە هەیەتی، بۆنمونە؛ ئەگەر یەکێک لەبەرامبەر هەر هەڵەیەک کە لەدژیدا دەکرێ، تۆڵەکردنەوە بەچارەسەر بزانێ، ئەوا بۆ گۆڕینی ئاڕاستەکەی دەبێت بۆچوونەکەی لە تۆڵەکردنەوەوە بۆ پەنابردنەبەر لێبوردەیی بگۆڕدرێ.
2. **هەستکردن بە گوناهـ و تاوان:** ئەم شێوازەی گۆڕین خۆی لە کەسێکدا دەنوێنێ کە بەهۆی کەوتنە هەڵەیەکەوە تاوانێکی ئەنجامدابێ و بەهۆیەوە بەردەوام هەست بە گوناهـ بکات، جا بۆ ئەوەی لەم هەستە ناخۆشەی کەمبکاتەوە، پەنا دەباتە بەر ئاڕاستەیەک کە پێچەوانەی ئاڕاستەکەی پێشوویەتی.
3. **گۆڕینی ئەو کۆمەڵەیەی کە تاکەکەی تیادا دەژی:** گەر هاتوو تاکێک کۆمەڵەکەی خۆی گۆڕی و پەیوەندی بە کۆمەڵەیەکی ترەوەکرد و، کۆمەڵەکەش خاوەن ئاڕاستەیەکی جیاواز لە ئاڕاستە خودییەکەی

بوون، ئەوا لەو کاتەدا تاکەکە لەپێناو خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵە نوێیەکەی، ئاڕاستەکەی دەگۆڕێت.

4. **زانیاری نوێ**: گۆرینی ئاڕاستەکان پێویستی بەزانیاری و مەعریفەی نوێیە لەبارەی بابەتی ئاڕاستە تازەکەیەوە هەیە، بۆیە زانیاری نوێ بەئامرازێکی گرنگی گۆڕینی ئاڕاستە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تاکەکان هەژماردەکرێ، مەعریفە وەک چۆن پێکهێنەرێکی سەرەکی ئاڕاستەکانە، بەهەمان شێوە؛ ئامرازێکی گرنگی گۆڕینی ئاڕاستەکانیشە.
5. **ڕاگەیاندن**: لەکۆمەڵگادا ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ڕۆڵ و کاریگەری گرنگییان لەئەستۆدایە، بەتایبەت لەکاریگەری خستنەسەر پێکهێنان و گەشەپێدانی ئاڕاستەی تاکەکان، جا ئەم کاریگەرییە بەئاڕاستەیەکی ئەرێنی و لەپێناو پەرەپێدانی خۆشەویستی نێوان تاکەکان بێت، یاخود بەپێچەوانەوە ئاڕاستەیەکی نەرێنی ڕووە و توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی بێت لەهەمان کاتدا؛ سەرجەمی ئامرازە جۆربەجۆرەکانی ڕاگەیاندن کاریگەری گەورەش لەگۆڕینی ئاڕاستەی تاکەکاندا دەبینن، بەهۆی ئەوەی بەخێرای بەدەستی تاکەکانی کۆمەڵگا دەگەن، (ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانی و ئەنتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان)، بۆیە وەک پردێکی بەیەکگەیاندن؛ هەواڵ و زانیاری و بیرۆکە جیاوازەکان بۆ تاکەکان دەگوازنەوە و، بەهۆیەوەش یارمەتی گۆرینی ئاڕاستەیان دەدات، جا بەشێوازێکی ئەرێنی بێت، یاخود بەپێچەوانەوە؛ بۆ ئاڕاستەیەکی نەرێنی.

**باسی چوارەم؛ کۆمەڵ (گرووپ)**

**یەکەم؛ پێناسەی کۆمەڵ (گرووپ)**

- بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی، کە لە چەندین کەس پێکدێت، کارلێککردن و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ڕوون و ئاشکرا لە نێوانیان هەیە، ڕۆڵ و کارەکان لە نێوانیاندا دابەش دەکرێت، بەهۆیەوە پێگە کۆمەڵایەتییەکانیانی تێدا دەستنیشان دەکرێت.
- بریتییە لە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکهاتوو لە دوو کەس یان زیاتر، کە پێکەوە پەیوەست دەبن لە پێناو ئامانج و مەبەستێکی دیاریکراودا، و لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییەشەوە دەگەنە شتێک کە مانا بە ژیانیان دەبەخشێت.

**دووەم؛ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵ**

کۆمەڵ چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە بەبێ بوونیان سیفەت و خەسڵەتی کۆمەڵبوون لە دەست دەدات ئەوانیش بریتیین لەمانەی خوارەوە:

1. بوونی دووکەس یان زیاتر.
2. بوونی بەهاو حەز و ئارەزووی هاوبەش.
3. بوونی ئامانجێکی تایبەت یان چەند ئامانجێکی هاوبەش بۆ ئەوەی هەوڵی بەدەست هێنانی بدەن.
4. بوونی شێوازێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ بەستنی پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکان، زمانێکی تایبەت کە هەمووان تێیدا هاوبەش بن.

**سێیەم؛ جۆرەکانی کۆمەڵ.**

1. **دابەشبوونی کۆمەڵ لە ڕووی کات و ماوەی درووستبوونییەوە:** ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

أ) کۆمەڵی درێژخایەن وەکو خێزان.

ب) کۆمەڵی کورتخایەن وەکو بە شداریکردنی کۆمەڵە کەسێک لە وانەیەکدا.

2. **دابەش بوونی کۆمەڵ لە ڕووی جۆری پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانیدا:** ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

أ) کۆمەڵی دیموکراسی.

ب) کۆمەڵی زۆرەملێ (دیکتاتۆری).

3. **دابەشبوونی کۆمەڵ لە ڕووی سروشتی دروستبوونییەوە؛** ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

أ) کۆمەڵی نا مەبەست وەکو خێزان.

ب) کۆمەڵی بەمەبەست وەکو سەندیکا و یانەکان و...هتد.

4. **دابەشبوونی کۆمەڵ لە ڕووی قوڵی پەیوەندی لە نێوان ئەندامەکانیدا:** ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

أ) کۆمەڵی یەکەمی وەکو خێزان و هاوڕێ و...هتد.

ب) کۆمەڵی دووەمی وەکو ئەو پەیوەندییانەی کە زۆر درێژە ناکێشێت و بەردەوام نابێت.

5. **دابەشبوونی کۆمەڵ لە ڕووی پابەندبوونی ئەندامەکانی بە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانیان:** ئەویش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆر:

أ) کۆمەڵی فەرمی (ڕەسمی) وەکو هۆڵ و کۆرسەکانی خوێندن.

ب) کۆمەڵی نافەرمی (ناڕەسمی) وەکو هاوڕێ.

**چوارەم: گرنگی کۆمەڵ.**

گرنگی کۆمەڵ بۆ تاک خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە کە لە گرنگترینیان:

1. دروستکردن و پێکهێنانی هاوڕێیەتی نوێ.
2. وەرگرتنی پێوەر و بەهای کۆمەڵایەتی بۆ ڕێکخستنی ڕەفتارەکانی.
3. بوونی کۆمەڵ بوارێکی زۆر گونجاو دەڕەخسێنێت تا مرۆڤ بتوانێت زانیاری دەربارەی خۆی و دەوروبەرەکەی هەبێت.
4. توانای تاک بۆ بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانی بە هێزتر دەکات.

**پێنجەم؛ پێوانەکردنی یەکگرتووی کۆمەڵ**

چەند نیشانە و بەڵگەیەک هەیە بۆ پێوانەکردنی ئاستی نزیکبوونەوە و یەکگرتووی کۆمەڵەکان، لە دیارترین و گرنگترینیشیان ئەمانەی خوارەوەن:

1. قسەکانی کۆمەڵەکە: واتە کاتێ ئەندامێکی ئەو کۆمەڵە قسە دەکات، چ وشەیەک بەکاردەهێنێت، دەڵی (من) یاخود (ئێمە)، چەند جار ئەم وشانە دووبارە دەکاتەوە، کامیان زیاتر بەکار دەهێنێت.
2. گوێڕایەڵی ئەندامانی کۆمەڵەکە بۆ یەکتر: واتە تا چەند ئەو کەسەکانی ئەندامن لە کۆمەڵەکەدا گوێڕایەڵی فەرمان و داواکارییەکانی کۆمەڵەکەی خۆی دەبێت.
3. یەکگرتووی کۆمەڵەکە لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی گرفتەکاندا: بۆ نموونە لەکاتی شکست هێنان، ئایا ئەندامانی کۆمەڵەکە چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، هەوڵدەدەن بە یەکگرتوویی بمێننەوە، یان هەر یەک لە ئەندامەکان پەنا دەباتە بەر گلەیی لە کەسانی تر و، بەرپرسیاریەتییەکە لەسەر شانی خۆی دوور دەخاتەوە.
4. حاڵەتی هەڵچوونی تاکەکان بۆ کۆمەڵەکەی خۆی: واتە لە کاتێکدا کە بەرژەوەندییە تاکە کەسییەکانی ئەندامانی کۆمەڵەکە دەبێتە قوربانی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵەکە، هەڵوێستیان چۆن دەبێت و، لە چی حاڵەتێکی هەڵچوونیدا دەبن.
5. ڕادەی بەشداری تاکەکان لە چالاکییەکانی کۆمەڵەکەیدا: واتە تا چەند ئەو کەسانەی ئەندامن لە کۆمەڵەکە بەشدارن لە چالاکییەکاندا، بەچ ڕۆحیەتیەتێکەوە بە شداری کار و چالاکییە کۆمەڵییەکان دەکەن و ئەو بەشداریکردنەیان لە چی ئاستێکدایە.

**شەشەم؛ گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە کار دەکەنە سەر (ئینتیما)ی تاک بۆ کۆمەڵ**

کۆمەڵێک فاکتەر هەن کە کار دەکەنە سەر ئینتیمای تاک بۆ ئەو کۆمەڵەی کە تێیدا دەژی کە ڕەنگە بەرەو زیادبوون یان کەم بوونی ببەن، لە دیارترین و گرنگترین ئەو فاکتەرانەش:

1. **هێزی سەرنج ڕاکێشان لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکەدا**

کۆمەڵێک گۆڕاوی بنەڕەتی وەکو (تایبەتمەندیی کەسایەتییەکان و لە یەکچوونی بەها و ئاڕاستەکان)، هەروەها گۆڕاوی دووەمی یاخود لاوەکی وەکو (نزیکی شوێن و کات و پەیوەندی و کارلێککردن و لە یەکچوونی لایەنی ئابووری و ڕەگەزی و نەتەوەیی) هەن کە وەکو هێزی ڕاکێشەر کار دەکەنە سەر پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵەیەک.

### 2. هێزی ڕاکێشانی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان

لەوانەیە زۆر جار تاکەکانی کۆمەڵەیەک کۆببنەوە لە دەرئەنجامی چالاکییەکی دیاریکراو کە چێژی لێوەردەگرن، ئەمەش زیاتر لەو کۆمەڵانە دەردەکەوێ کە چالاکی کۆمەڵایەتی و وەرزشی و ڕۆشنبیرییەکان زۆرە.

### 3. هێزی ڕاکێشانی ئامانجەکانی کۆمەڵەکە

یەکییەتی ئامانج یەکێکە لە فاکتەرە کاریگەرەکان لە پێکهێنانی کۆمەڵدا، یەکێکە لەو ئامراز و شێوازانەی کە تاکەکان بەرەو یەکتر ڕادەکێشێت بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکەیان.

**باسی پینجەم؛ جەنگی دەروونی.**

جەنگی دەروونی یەکێکە لە بابەتە کۆمەڵایەتییە گرنگ و زیندووەکان، بۆیە لە بواری زانستی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و دەروونناسیی سەربازییدا گرنگییەکی زۆری پێدراوە، شوێنێکی گرنگی لەو دوو بوارە داگیرکردووە، جەنگی دەروونی جەنگێگ نییە بە مانا تەقلیدییەکەی کە لە سەرکردە و سەرباز و چەک پێکهاتبێت، بەڵکو جەنگێکە بە بەکارهێنانی جۆرە جیاوازەکانی چەکی سەربازی. جەنگی وشە و هزر و سۆزە، جەنگی زارەکی و نووسراوە، هەروەک جەنگی دەروونی بە مەترسیدارترین جۆری جەنگ دەژمێردرێت، ئەمەش چونکە ئامانجی لایەنی دەروونی تاکە، بواری کارکردنیشی بواری کەسایەتییە، جەنگی بیر و هزرە و دەگاتە عەقڵی بەرامبەر، ئازاری دەروونییان دەدات، ئیرادەیان تێکدەشکێنێت، هەر وەک جەنگێکە تایبەت نییە بە کات و شوێنێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو لە کاتی شەڕ و ئاشتیشدا بەردەوامە و کاری خۆی دەکات.

**یەکەم؛ پێناسەی جەنگی دەروونی.**

(لینبارجر) بە یەکەم کەس دادەنرێت کە پێناسەی جەنگی دەروونی کردبێت بەوەی **بریتییە لە بەکارهێنانی پروپاگەندە دژی دوژمن، لەگەڵ چەند کردارێکی پراکتیکی تر کە مۆرکی سەربازی و ئابووری و رامیارییان پێوە دیارە.**

**دووەم؛ ئامانجەکانی جەنگی دەروونی**

جەنگی دەروونی کۆمەڵێک ئامانج لەخۆدەگرێ، کە گرنگترینیان بریتین لە؛

1. بڵاوکردنەوەی بێهێزی و نائومێدی و خۆبەدەستەوەدان لە ناو دەروونی تاکەکانی دوژمندا، ئەویش لە رێگای کەمکردنەوەی توانا و هێزی چەکەکانیان و، دوورخستنەوەی بیرۆکەی سەرکەوتن لە مێشکیاندا.
2. بڵاوکردنەوە و گەورەکردنی هەڵەکانی سەرکردەکانی دوژمن، بە مەبەستی گەیشتن بە بارێک کە متمانە لە نێوان سەرکردە و دەست و پێوەندەکان و سەربازەکانی بەردەستیاندا نەمێنێت.
3. لاوازکردنی بەرەی ناوخۆیی دوژمن لە رێگای پاڵپشتیکردن و هاندانی کۆمەڵ و گرووپ و نەتەوە و مەزهەب و رەگەزە جیاوازەکانی ناو بەرەی دوژمن، هەروەها دروستکردنی گومان و دڵەڕاوکێ لە نێوانیاندا، بە ئامانجی دروستکرنی کۆسپ و لەمپەر لە بەردەم ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانیاندا.

4. کاکردن بۆ دروستکردنی گومان لای هاوڵاتیانی بەرەی دوژمن بەرامبەر سەرکردەکانیان و، توانای هێزە سەربازییەکانیان بۆ بەرەنگاری دوژمن.

**سێیەم؛ بنەماکانی جەنگی دەروونی**

بە شێوەیەکی گشتی جەنگی دەروونی پشت بە چەند بنەمایەک دەبەستێت تا بتوانێت کاری خۆی بکات و ئامانجەکانی بە دەست بهێنێت، لە دیارترین و گرنگترین ئەو بنەمایانەش ئەمانەی خوارەوەن:

1. سوود ورگرتن لە ترس و دڵەڕاوکێ و دوودڵی بەرەی دوژمن.
2. سوود وەرگرتن لە پاڵنەر و پێداویستییەکان.
3. سوود وەرگرتن لە پسپۆڕەکان.
4. جەختکردنە سەر (دووبارە و چەندبارە کردنەوە).
5. هەڵبژاردنی کاتی گونجاو.
6. ناوبانگ بۆ ڕاستگۆیی.
7. لەسەرخۆیی نەرم و نیانی و توانای دانبەخۆداگرتن.

**چوارەم؛ ئامراز و کەرەستەکانی جەنگی دەروونی**

1. ئامرازە بیستراو و بینراوەکان: لە نموونەی ئەم ئامرازانەش (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، سینەما، ڤیدیۆ، کاسێت، گەورەکەری دەنگ).
2. ئامرازە نووسراوەکان (چاپەمەنیەکان): لە نموونەی ئەو ئامرازانەش (پەرتووک، گۆڤارەکان، ڕۆژمانەکان، بڵاوکراوەکان، پۆستەرەکان).
3. ئامرازی وێنە و داتاشراو: لە نموونەی ئەم ئامرازانەش (وێنەی فۆتۆگرافی، کاریکاتیر، ڕیکلامی بینراو، نەخشە، نمایشی شانۆ).
4. ئامرازی پەیوەندی ڕاستەوخۆ: لە نموونەی ئەم ئامرازەش (ڕوبەڕوبوونەوە، تابوری پێنجەم، دیلەکان).

**باسی شەشەم؛ سەرکردایەتی.**

بوونی سەرکردایەتی پێداویستییەکی مرۆییە، ئەمیش لە پێناو پاراستن و ڕێکخستنی بەرژەوەندی ژیانی مرۆڤەکانە کە زۆرجار بەهۆی بوونی سەرکردایەتییەوە ئەو بەرژەوەندییانە بەدیدێن، چونکە سەرکردە کاریگەری بەسەر چالاکی زۆرینە یاخود کۆمەڵێک هەیە لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان، واتا سەرکردە هونەری کارتێکردنی بەسەر کەسەکان و ئاڕاستەکردنیانەوە هەیە بەجۆرێک کە دەگونجێ لەگەڵیدا و ڕێزیشی لێدەگرێت و ملکەچیشی دەبێت لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی.

(هیمان) وایدەبینێ؛ سەرکردە دەتوانێ تاک ئاڕاستە بکات و ڕێنمایی بکات و کاریگەریشی بەسەردا هەبێت و تەنانەت بیروباوەڕ و هەست و ڕەفتاری کەسەکانیش ڕێکدەخات بەو شێوەی بیەوێ.

**یەکەم؛ پێناسەی سەرکردایەتی.**

- ستودجل (Stogdill)؛ سەرکردایەتی پرۆسەیەکە کاریگەریی بەسەر چالاکییەکانی کۆمەڵەیەکەوە هەیە لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی.
- فرینش (French)؛ سەرکردایەتی پرۆسەیەکی کاریگەرانەیە لەسەر ڕەفتاری ئەوانی دیکە بۆ گەیشتن بە ئامانجێک یاخود چەند ئامانجێکی دیاریکراو.

**دووەم؛ جۆرەکانی سەرکردایەتی.**

چەندەها جۆری جیاواز لە سەرکردە هەن، گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە؛

1. **سەرکردایەتی دیموکراتی.**

سەرکردەی تاک ڕێز لە کەسایەتی تاک و ئازادییەکانی تاک دەگرێت و بڕیاری کۆتایش بۆ زۆرینەی ئەندامەکانی دەگەڕێنێتەوە، توانای ئاڕاستەکردنی بەهێزی هەیە، لەکاتی قەیران و ئاریشەکاندا بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ و خۆی لێ بێبەری ناکات، کاردەکات بۆ ئەوەی ژیانی ئەوانی دیکە باش بکرێت، هەروەها هانی گفتوگۆکردنی گرووپەکەی دەدات و بۆچوونی ئەندامانی لەبەرچاودەگرێ.

2. **سەرکردایەتی دیکتاتۆری.**

ئەم جۆرە سەرکردایەتییە لەسەر بنەمای زوڵم و زۆرداری دروست دەبێت و هەمیشە شێوازی خۆسەپاندن بەکاردێنێت و گوێ بە هیچ بیروڕا و بۆچوونێکی دیکە نادات، بەڵکو دەیەوێ خۆی هەموو شتێک بێت و هەموو بڕیارەکان لە لایەن خۆیەوە دەربچن، ئەم جۆرە سەرکردانە لە ناو گرووپەکەیاندن خاوەن کەسایەتییەکی گۆشەگیرن و، کاریگەریی نەرێنیش لەسەر ئەندامانی گرووپ درووست دەکەن و هەستی دوژمنکارانە و یاخیبوون لەسەر گرووپەکە جێدێڵن.

3. **سەرکردەی ئاژاوەگێر.**

ئەم جۆرە سەرکردایەتییە ئازادی تەواو بۆ خەڵکەکەی جێدەهێڵێت بەبێ ئەوەی دەست بخاتە ناو کاروباریانەوە، ئەم جۆرە سەرکردایەتییە لەڕووی بەرهەمی کارەوە کەمترین بەرهەمیان هەیە، ئەمەش وا لە ئەندامانی دەکات لە ڕەفتارکردنیان هەست بە بێزاری و کەمتوانایی بکەن، متمانەشیان بەخۆیان لاواز بێت، ڕەخنە و بۆچوونەکانی نێو ئەو گرووپانەی کە سەرکردایەتیان ئاژاوەگێرە تا رادەیەکی زۆر ڕەخنەی ڕووکەشانەیە.

**سێیەم؛ تایبەتمەندییەکانی ڕەفتاری سەرکردایەتی.**

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ڕەفتاری سەرکردایەتی لەم چەند خاڵەی خوارەوە پوخت بکەینەوە؛

1. **دەستپێشخەری و داهێنان و چاوتێبڕین؛** گرووپ چاوەڕوانی سەرکردەیە کە زۆرترین دەسپێشخەری کارکردنی هەبێت و بتوانێ لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان داهێنانی هەبێت و کەسێکی کۆڵنەدەر بێت.
2. **کارلێکی کۆمەڵایەتی؛** گرووپ چاوەروانی سەرکردەیە کە زۆرترین کارلێکی لەگەڵ ئەندامان و چالاکییەکانی گرووپەکەی هەبێت.
3. **زاڵبوون؛** سەرکردە زیاتر لەهەر کەسێکی تری گرووپەکەی، ئارەزووی زاڵبوون و بەرزبوونەوەی پێگە کۆمەڵایەتییەکەی دەکات، بەردەوام جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە هێز و دەسەڵات لە ژێر دەستی خۆیدا بێت.
4. **نوێنەرایەتیکردنی دەرەوەی گرووپ؛** سەرکردە کار بۆ ئەوە دەکات نوێنەری گرووپەکانی دیکەی دەرەوەی ئەو گرووپەش بێت کە سەرکردایەتی دەکات.

5. **پەیوەندییە گشتییەکان؛** سەرکردە کاردەکات بۆ ئەوەی پەیوەندییە گشتییەکانی ناوەخۆی نێوان ئەندامانی گرووپەکەی بەهێز و تۆکمە بکات لەپێناو پاراستنی یەکگرتوویی نێوانیان.
6. **تەواوکاری؛** سەرکردە کار بۆ بەدیهێنانی تەواوکاری کۆمەڵایەتی نێوان ئەندامانی گرووپەکەی دەکات، هەوڵدەدات گرژی و ناکۆکییەکان کەمبکاتەوە و لەئاشتیدا بژین.
7. **پلاندانان و ڕێکخستن؛** پلاندانان بۆ ڕەفتاری کۆمەڵایەتییانەی گرووپ و ڕێکخستنی ڕەفتارەکە و یەکبوون و ئاڕاستەکردن و جەختکردنە سەر بەگاهێنانەوەی ئەندامانی گرووپ لەسەر ئامانجەکانی.
8. **ڕاگەیاندن؛** بەخشینی زانیاری بە ئەندامانی گرووپ لەهەمبەر پرس و بارودۆخە جیاوازەکان و، دواتریش گواستنەوەی بۆ گرووپەکانی تر.
9. **پەسەندکردن و دانپێدانانی دوولایەنە؛** واتا دەبێ سەرکردە و شوێنکەوتووانی دان بەیەکتر دابنێن و بەرەفتار گوزارشت لەو دانپێدانانە بکەن.
10. **هەماهەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتی؛** واتا پەسەندکردنی ڕەخنە بە سنگی فراوانەوە و، داننان بە هەڵە و کەموکورییەکان و، دەستپێشخەریکردن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری.

**چوارەم؛ تیۆرەکانی سەرکردایەتی.**

1. **تیۆرە نیشانەییەکان**

ئەم تیۆرە گرنگی بە نیشانە و تایبەتمەندییە کەسییەکانی سەرکردە دەدات، بۆ ئەم مەبەستە چەند نیشانەیەک بۆ سەرکردەی سەرکەوتوو دیاردەکات کە بریتین لە؛

أ) **نیشانە جەستەییەکان؛** سەرکردە حەزناکات بەژن و باڵای زۆر درێژتر بێت لە خەڵکەکە، یاخود کێشی زۆر بێت، بەتایبەت ئەگەر سەرکردە بیەوێ وەک کەسایەتییەکی سەربازی دەرکەوێ، بۆیە حەزدەکات لە خەڵکەکە چالاکتر دەرکەوێت.

ب) **نیشانە عەقلی و مەعریفییەکان؛** بەپێی ئەم نیشانەیە، سەرکردە لەڕووی زانست و زانیاریی گشتییەوە لەخەڵکی ئاسایی زیرەکترە، تێڕوانین و دووربینییەکەی فراوانترە، توانای پێشبینیکردنی ڕووداوە نەخوازراوەکانی هەیە.

ج) **نیشانە کۆمەڵایەتییەکان؛** بەپێی ئەم نیشانەیە، سەرکردە گیانی هاوکاری و هاندانی ئەندامانی گرووپەکەی لە ئاستێکی بەرزدایە، ڕووخۆش و نووکتەباز و کۆمەڵایەتییە و مایەی ئاسوودەیی ئەندامانی گرووپەکەیەتی، هاندەری ئەندامانییەتی بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان.

د) **نیشانە هەڵچوونییەکان؛** سەرکردەکان بە پێگەیشتوویی هەڵچوونی و هێزی ئیرادە و متمانە بەخۆبوونەوە دەناسرێن.

ە) **نیشانە گشتییەکان؛** بە پێی ئەم نیشانەیە، سەرکردە کەسێکی خاکییە و، پابەندی بەها ڕۆحی و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانە، زمانپاراو و کارزانە، توانای باوەرپێهێنان و کاریگەری خستنە سەر ئەوانی تری هەیە و، خاوەن شارەزاییەکی تەواوی بوارەکەیەتی و دەسپاک و داوێنپاکە، شارەزا و پسپۆری درووستکردنی پەیوەندی باشە لەناوەوە و دەرەوەی گرووپەکەی.

2. **تیۆری وەزیفی**

بەپێی ئەم تیۆرە سەرکردایەتی واتە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانەی کە یارمەتیدەری گرووپن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان، بۆیە لە گۆشەنیگای ئەم تیۆرەوە؛ ئەرکی سەرکردە زیاتر ئەرکێکی ڕێککارییە، بەشێوەیەکی گشتی ئەرکەکانی سەرکردە بریتین لە؛

أ) **پلاندانان؛** پلاندانان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دوور مەودا و نزیک مەوداکان.

ب) **دانانی سیاسەت؛** سەرکردە لە چوارچێوەی ئەم ئەرکەیدا، لەسێ سەرچاوەی جیاوازەوە سیاسەتی گشتی گرووپەکەی دادەڕێژێت؛

- ❖ سەرچاوەی سەروو؛ لەدەسەڵاتی باڵای گرووپ پێکدێت، وەک گرووپە سەربازییەکان.
- ❖ سەرچاوەی خواروو؛ لە بڕیاری کۆی ئەندامانی گرووپ پێکدێت.
- ❖ خودی سەرکردە؛ یان زاڵبوونی دەسەڵاتی خۆیەتی بەزۆر، یاخود لەلایەن گرووپەوە دەسەڵاتی پێدەدرێ.

ج) **ئایدیۆلۆژیا؛** زۆربەی کات سەرچاوەی بیروباوەڕ و بەهاکانی گرووپە.

د) **شارەزایی و ئەزموون؛** سەرکردە وەک شارەزا و پسپۆر و سەرچاوەی شارەزایی هونەریی و کارگێری و زانیارییەکانی گرووپ دادەنرێت.

ە) **بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن؛** سەرچاوەی کارلێکی کۆمەڵایەتییە و، سیاسەتەکان یەکدەخات و چاودێری گرووپیش دەبێ.

و) دادوەری؛ سەرکردە دادوەر و نێوەندکارە بۆ هەموو کێشە و ململانێیەکی ئەندامانی نێو گرووپ.

ز) **سزا و پاداشت؛** سەرکردە سەرچاوەی پاداشت و سزایە، ئەمەش یارمەتی ڕێکخستن و هەماهەنگی نێوان ئەندامانی گرووپ دەدات.

### 3. **تیۆری هەڵوێست**

ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای ئەو فەلسەفەیە دروستبووە کە دەڵێت؛ بارودۆخ و هەڵوێست سەرکردە دروست دەکات، ئەم تیۆرە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەندامێک لە گرووپێکدا دەبێتە سەرکردە بەهۆی ئەو هەڵوێستەی کە توانیویەتی هاوشێوەی سەرکردەیەک بیگرێتەبەر، بەڵام کاتێک تاکێک لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا دەبێتە سەرکردە، مەرج نییە لە هەڵوێستێکی دیکەی جیادا هەمان ڕۆڵی سەرکردە ببینێ.

هەر لەچوارچێوەی ئەم تیۆرەدا دەستەواژەی (پیاوی کاتی گونجاو) سەریهەڵدا کە بە کەسێک دەگوترێ کە لەکاتی گونجاودا دەردەکەوێت و لە هەڵوێستی دیاریکراویدا سەرکردایەتیکردنی بارودۆخەکە بە سەرکەوتووی دەگرێتە ئەستۆ.

### 4. **تیۆری پیاوی مەزن**

بەپێی ئەم تیۆرە هەندێک لە پیاوە مەزنەکانی کۆمەڵگا بەهۆی توانا و بەهرەکانییانەوە تایبەتمەندییەکی بلیمەتانەیان هەیە کە ئاسایی نییە، هێزێکی سەرنجڕاکێشانی کەسێتی یەکجار زۆری هەیە، لەلایەن گرووپەکەشییەوە وەک کەسێکی نموونەیی سەیر دەکرێت، ئەندامانی گرووپ لەسەر بنەمای پشتگیریکردنی تەواوەوە دەبنە لایەنگیری سەرسەختی.

### 5. **تیۆری کارلێککردن**

ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای تەواوکاری و کارلێککردنی نێوان هەموو گۆڕاوە سەرەکییەکانی سەرکردایەتی دێتەدی، کە بریتین لە؛

أ) کەسایەتی سەرکردە و چالاکییەکانی لە ناو گرووپدا.

ب) خودی گرووپەکە خۆی و بنیاد و پەیوەندی نێوان تاکەکانی و تایبەتمەندیی و ئامانجەکانی و سایکۆلۆژیایی گرووپەکە.

ج) ئەو هەڵوێستانەی کە هۆکارە ئابوورییەکان و هەڵومەرجی کار و سرووشتەکەی دیارییان دەکات.

ئەمانە هەموویان جەخت لە کارلێککردن و تێکەڵاوبوونی سەرکردە لەگەڵ ئەندامانی دەکات، واتا سەرکردەی سەرکەوتوو بەوە دەردەکەوێت کە تاچەند توانای کارلێککردن و کاریگەریی خستنە سەر هەڵوێستی ئەندامانی گرووپ هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان.

**باسی حەوتەم؛ دەمارگیری.**

دەمارگیری بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە بە ڕێژەیەکی زۆر پەیوەستە بە بابەتی بەها و ئاڕاستەکانەوە، وشەی دەمارگیری لە زمانی لاتینیدا بە واتای (بڕیاری پێشینە) دێت، واتە ئەو کەسەی دەمارگیرە، پێش ئەوەی زانیاری تەواو کۆ بکاتەوە لە سەر بابەتێک یان شتێک یان گرووپێک، بڕیاری پێشینەیان لە سەر دەدات بەوەی کە ئەوان خراپن یان باشن، (جان پۆل سارتەر) پێیوایە مەسەلەی دەمارگیری پەیوەستە بە سیستەمی پەروەردە و گەشە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە.

**یەکەم؛ پێناسەی دەمارگیری**

- **باکمان** (Backman): ئاڕاستە یان هەڵوێستێکی بێ پاساوە کە کەسەکە تێیدا ئامادەیە بە جۆرێک ڕەفتار بکات کە پاڵپشت یاخود دژی تاکێک یاخود گرووپێکی دیاریکراو بێت.
- **کرتش و کرتشفیلد** (Krutch and Crutchfield)؛ بریتییە لەو بیروباوەڕ و ئاڕاستە خراپانەی کە تاک یاخود گرووپێک دژ بە کەمینەیەکی ڕەگەزی یاخود نەتەوەیی هەیانە.

کەواتە لە ئەنجامی ئەو پێناسانەی سەرەوە بۆ دەمارگیری دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە دەمارگیری ئاڕاستەیەکی دەروونییە و، بە هەڵچوون زاخاو دراوە، هەروەها بڕوا و بڕیارێکی پێشوەختە دژی گرووپێک یان شتێک یان بابەتێک، هیچ بنەمایەکی لۆژیکی و زانستی و ڕاستەقینەی لە پشتەوە نییە، بە پێچەوانەوە لەوانەیە سەرچاوەکەی ئەفسانە و خەیاڵ و درۆ و بوختان بێت، کە وا لە مرۆڤ دەکات تەنیا ئەو شتانە ببینێت کە حەز دەکات بیانبینێت و، ئەوانەش نەبینێت کە ئارەزووی بینیان ناکات.

**دووەم؛ سەرهەڵدان و دروستبوونی دەمارگیری**

هەروەکو قوتابخانەی ڕەفتارییەکان ئاماژەی پێدەکەن کە منداڵ لەدایکدەبێت وەکو پەڕەیەکی سپی وایە کە هیچ شتێکی لەسەر نەنووسراوە، لە کەش و هەوا و بارودۆخی خێزانێکدا دروست دەبێت و گەشە دەکات کە ڕەنگدانەوەی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڕاستە باوەکانی کۆمەڵگایە، لە کاتێکیشدا کە توانای منداڵ لاوازە و بۆ تێرکردن و دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان بە تەواوی پشت بە گەورەکان دەبەستن، بەمەش لە کۆتاییدا سەرجەم ئاڕاستە و بەها و دابونەریتەکانی خێزان بە ئاسانی و بەبێ ویستی خۆیان وەردەگرن.

دەمارگیری لە قۆناغەکانی سەرەتای منداڵیدا پێش قۆناغی چوونە قوتابخانە، واتا لە دوایی تەمەنی (3) سێ ساڵییەوە دەست بە دروستبوون دەکات، چونکە پێش ئەم تەمەنە منداڵ بەبێ هیچ گرفتێک تێکەڵی یەکتر دەبن و هیچ ڕکابەریەکیان بەرامبەر یەکتری نییە، هەرچەندە جیاوازیش بن لە ڕووی ئایین و ڕەگەز و زمان و ڕەنگ و توخم و نەتەوەوە، بۆیە ئەگەر گەورەکان وازیان لێبهێنن ئەوا بەردەوام لە هەموو قۆناغەکانی تری ژیانیشیاندا هەر وەکو خوشک و برا بەیەکەوە دەژین، بەڵام بەداخەوە هەر زوو گەورەکان لە ڕێگەی (خێزان، قوتابخانە، کۆڵان، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، گرووپ، خانەکانی خواپەرستی، و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی ترەوە) تۆوی دەمارگیری لە ناخیاندا دەچێنن، کە لێرەوە منداڵ ئارەزووی ئینتیماکردنی بۆ زۆرینە دەبێت و، خۆی لە کەمینە دوور دەخاتەوە، بەمەش دەمارگیری و بەها و ئاراستەکانی لەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەوە بۆ دەگوازرێتەوە کە تێیدا ژیاوە، دواتریش زیاتر و زیاتر بەهێزتر دەبێت و، ڕەهەندی جیاوازتر وەردەگرێت بە تێپەڕبوونی تەمەن و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی و فێربوونی زیاتر، بەڵام هیچ هەست و ئاگاییەکی نییە بەوەی کە دەمارگیرە یاخود پیادەی دەمارگیری دەکات.

لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەمارگیری بریتییە لە دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، بەمەش دەمارگیری نەخۆشیەکی کۆمەڵایەتی وەرگیراو و فێربوونە و هیچ بنەمایەکی بۆماوەیی و ڕەمەکی نییە، تەنها ئەوە نەبێت کە ناو دەبرێت بە ئامادەگی بۆ دەمارگیری کە وا دەکات فێربوون و وەرگرتنی دەمارگیرییەکە ئاسانتر بێت، بەڵکو دەمارگیری دەرئەنجامی فێربوونێکی کۆمەڵایەتییە کە شارەزایی و ئەزموون و فێربوون ڕۆڵێکی بنەڕەتییان هەیە لە گەشەپێدان و جێگیرکردنی.

**سێیەم: جۆرەکانی دەمارگیری.**

دەمارگیری جۆری زۆرە، گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە؛

1. **دەمارگیری ڕەگەز پەرستایەتی** (**نەتەوەیی**)

بە ترسناکترین نەخۆشی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ئابووری دادەنرێت و، ناو دەبرێت بە نەخۆشی ڕق و کینە، لەڕێگەی ئەم دەمارگیرییەوە نەخۆشی ڕق و کینە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا بەدی دەکرێت، ئەم جۆرە دەمارگیریەش سیاسەتی دەوڵەت ڕۆڵی تێدا دەبینێت، بەتایبەتی لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕ لە نێوان دوو وڵاتدا، چونکە دەسەڵاتە ناکۆکەکان هەوڵی ئەوە دەدەن دوژمنەکەیان

بەهەموو شێوەیەک بەرامبەر بە نەتەوەکەی خۆیان ناشرین بکەن تاوەکو لەو جەنگە خۆی بە خاوەن ماف نیشان بدات.

2. **دەمارگیری ئایینی**

ئەمەش لە نێوان ئاین یان مەزهەبە جیاوازەکانی وەکو (موسوڵمان یان مەسیحی یان جوولەکە یان یەزیدی یاخود هیندۆس یان ... هتد) دروست دەبێت، بەتایبەت کاتێک کەسەکە باوەڕێکی توند و تیژ بەرامبەر بە ئایینێک یان مەزهەبێک دروست دەکات، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی هەوڵی نەهێشتن و لەناوبردنی کەسی بەرامبەری دەدات، تەنها لە بەرئەوەی پەیڕەوی ئایینەکەی ئەو قەبوڵ ناکات.

3. **دەمارگیری چینایەتی**

ئەم جۆرە دەمارگیرییە لەو کۆمەڵگایانەدا بەدی دەکرێت کە سیستەمی چینایەتی تێیدا باوە، کە لە نێوان چین و توێژە جیاجیاکانیدا سەرهەڵدەدات، بەتایبەتی لە نێوان ئەو چین و توێژانەی کە لە ململانێدان وەک دەمارگیری چینی سەرمایەداری بەرامبەر چینی کرێکار، یان چینی دەوڵەمەند بەرامبەر چینی هەژار.

4. **دەمارگیری ڕەگەزی (توخمی)**

ئەم جۆرە دەمارگیریە لە پەنای زۆر ناونیشانی جیاوازەوە لە لایەن دەمارگیرەوە هەستی پێدەکرێت، کە دیارتین و بەرچاوترین ئەم جۆرە دەمارگیرییانە بریتییە لە دەمارگیری (نێر بەرامبەر بە مێ) کە لە ڕێگەی بۆچوونە جیاوازەکانیان بەرامبەر یەکتر هەستی پێدەکرێت.

هەروەها چەند جۆرێکی تری دەمارگیری وەکو (دەمارگیری هەرێمی، دەمارگیری سیاسی، دەمارگیری وەرزشی ... هتد).

**چوارەم: تایبەتمەندییەکانی کەسی دەمارگیر.**

بەشێوەیەکی گشتی کەسێتی دەمارگیر بە چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەک جیا دەکرێتەوە، کە لە دیارترینیان بریتین لە:

1. خاوەن کەسێتییەکی نا لێبووردەیە.
2. هەمیشە ئارەزووی دەسەڵات و پارێزگاریکردنی دەکات.
3. بەکارهێنانی توندوتیژی و سزای جەستەیی.

4. پەیوەندیکردن بە پارت و جولآنەوە توندڕەوەکان بەباش دەزانێت.
5. وە کەسی دەمارگیر بە توندی ڕایەکانی و بیرتەسکی و داخراوی جیادەکرێتەوە.
6. ئارەزووی شەڕانگێزی دەکات.
7. باری دەروونی جێگیر نییە، و بەزۆری لە دڵەڕاوکێدا دەژێت.
8. کەسانێکن کە پاڵنەرەکانیان دەچەپێنن (کەبت) دەکەن و دەروونی خۆیان کۆنترۆلأ دەکەن. و زۆر جەخت لەسەر پاک و خاوێنی و ڕێزگرتن لە دایک و باوک و دوورکەوتنە لە ئارەزووە شەهوانییەکان دەکەنەوە. هەر بۆیە ئەم کەسانە بەردەوام ڕق و کینەی خۆیان بەرامبەر ئەوانی تر دەردەبڕن وەکو خۆ بەتاڵکردنەوەیەک لە پاڵنەر و ئارەزوو و ویستە چەپێندراوەکانیان.

**پێنجەم: ئاستەکانی دەمارگیری.**

دەمارگیری بە چەند ئاستێکی جیاواز دەردەکەوێت کە بریتین لە؛

1. **دەرنەبڕینی زارەکی دژی کۆمەڵێک یان شتێک لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵەکەی خۆی**

ئەمەش لاوازترین جۆری دەمارگیرییە، واتە کەسەکە لە دەرەوەی سنووری کۆمەڵەکەی خۆی هیچ قسەیەک ناکات، کە نیشانەی دەمارگیری پێوە دیاربێت، بەڵآم لە ناو گرووپەکەی خۆیدا دەربڕینی هەیە.

2. **دوورکەوتنەوە**

ئەگەر هاتوو دەمارگیری لای تاکە زیاد بوو، وای لێدەکات ڕەفتاری بگۆڕێت، بۆ نموونە خۆی دوور دەخاتەوە لەو کەسانەی کە بوونەتە بابەتی ڕق لێبوونەوەکەی، ئەویش لە ڕێگەکانی وەکو؛ سڵاو نەکردن لێیان، یان نەچوون بۆ ئەو شوێنانەی کەئەوانی لێدەبن.

3. **جیاکاری**

لەم ئاستەدا کەسی دەمارگیر هەوڵی ئەوە دەدات هیچ ئاسانکارییەک نەداتە ئەو کەسانەی لە گرووپەکەی ترن، واتە ئەو کەسانەی دەمارگیریان دژی دەکرێت هیچ بوارێکیان نادرێتێ بۆ ئەوەی پۆستی باش وەربگرن لەو دەزگایەی کە تیایدا کار دەکەن.

4. **پەلاماردان و ئازاری جەستەیی**

زۆر جار ڕق لێبوونەوە وا لە کەسەکە دەکات، لە بارودۆخێکی هەڵچوونی تایبەتدا بێت، تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی پەلاماری ئەو کەسە بدات کە بووەتە بابەتی ڕق لێبوونەوەکەی و ئازاری جەستەیی بدات.

5. **لەناوبردن**

دوا قۆناغی دەماگیر ئەوەیە کەسەکە هەوڵی لە ناوبردنی ئەو کۆمەڵە بدات کەبوونەتە مایەی ڕق لێبوونەوەی، لە جۆرەکانی لەناوبردنیش پرۆسەی پاکتاوکردنی نەژادی (جینۆساید)، یان لە سێدارەدان بێ دادگایکردن.

**شەشەم: چۆن دەمارگیری کەم بکرێتەوە؟**

لەگەڵ ئەوەی دەمارگیری پەڵەیەکی ڕەش و دزێوە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، باڵی بەسەر زۆربەی هەرە زۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگا جیاوازەکاندا کێشاوە و، پەل و لق و پۆپی خۆی گەیاندۆەتە بەشی هەرە زۆری پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرجەم ئاشتیخوازان و چالاکوانان گەشبینن بەرامبەر کەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژی دەمارگیری لە ڕێگەی گرتنەبەری ئەم خاڵانەی خوارەوە:

1. گرنگیدان بە قۆناغی منداڵی (شێوازی پەروەردە)، ئەویش لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی دایکان و باوکان بۆ قەبوڵ کردنی کەسی بەرامبەر، لە ڕێگەی یاریکردن لە گەڵ منداڵانی تر، بەبێ ئەوەی هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک بخرێتە بەردەمیان، و گەورەکان خۆیان هەڵنەقورتێنن لە هەڵبژاردنی منداڵ بۆ هاوڕێکانیان.
2. هاندان و پشتگیریکردنی کارلێککردن و تێکەڵاوبوون و بەیەکگەیشتنی نێوان کەسەکان و کۆمەڵەکان و توێژ و هۆز و توخمە جیاجیاکانی وڵات بە تایبەتی و جیهان بە گشتی و زیادکردنیان، کە ئەمەش بواری کەمکردنەوە و لاوازبوونی دەمارگیرییەکە زیاتر دەکات و هۆکارێکیشە بۆ زانینی ڕاستییەکان و نەمانی بیر و باوەڕ و ئاراستە و هەڵە و ئەفسانە نادروست.
3. هۆشیارکردنەوی تاک لە ڕێگەی ڕۆشنبیرکردنیان و پێدانی زانیاری دروست پێیان، هەروەها بڵاوکردنەوەی بنەما و پرەنسیپەکانی دیموکراسی و بەهای مرۆڤایەتی و چاندنی تۆوی

هاوكاری و برایەتی، هەروەها بڵاوكردنەوەی بنەما ڕاستەقینە و دروستەكانی ئەو ژیانەی كە لەسەر لێبووردن و دەرفەتدان بە یەكتر و ئازادی بیروڕا وەستاون، ئەویش لەڕێگەی سیمینار و كۆڕو كۆبونەوەوە، ئەم كارەش دەكەوێتە ئەستۆی دەزگا پەیوەندیدارەكانی وەكو ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەددەنی و وەزارەتەكان و زانكۆ و قوتابخانەكان كە بە سەرچاوەی گرنگی ڕۆشنبیری لە قەڵەم دەدرێن.

4. چالاككردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەم بوارەدا، ئەویش بە بڵاوكردنەوەی بیرۆكەی گیانی لێبوردەیی و پێكەوە ژیان لە بەرامبەر ڕق و كینە و جیاكاریدا.
5. بڵاوكردنەوە و دەرخستنی زیان و كەم و كورتی و كاریگەرییە خراپەكانی دەمارگیری لەسەر لایەنی دەروونی و كۆمەڵایەتی و سەرجەم لایەنەكانی تری مرۆڤایەتی بۆ كەسانی دەمارگیر.